# هاتوە ئەڵێ پەشیمانم

نامەیەکی بۆ ناردووم پڕە لە پەشیمانی
بۆی نوسیوم و پێم ئەڵێ بەس ناومە لەسەر زمانی
داوای لێبوردن ئەکات لەکردار و لەکۆچی
ئەڵێ هەرگیز تێناگەم جێم هێشتی ئەمن بۆچی

منیش وەڵامم داوە
تۆ کەوتیتە داوی من ناکەومە ئەوداوە
دڵ و دەروونم پێدای تۆ گیانت بەئەو داوە

قەت ناتوانم ببوورم لەو کردار و ڕەفتارە
لەو ڕۆژەوە جێت هێشتوم تەنها خەم لەدڵم بارە
ئەمە ووتەی ڕۆژگارە
هەرکەسێ خۆی بفرۆشێ پەشیمانە و خەمبارە

من دەمێکە پێم ووتوی ئەیڵێمەوە دووبارە
بۆ سەروەت و بۆ سامان مشتێ ئاڵتون و پارە
چویت و منت گۆڕیەوە لێبوردنت مەحاڵە
ئەمە ووتەی ئێستامەوهەمان ووتەکەی پارە

پاش ئەوەی دڵمت شکان
سەدان ڤرمێسکم تکان
هەر ڕۆژی لای یەکمان بووی چیم بووتبا
ئەچوی لای ئەو ئەتدرکان

ئەمن چۆن لێت ببوورم تۆ بۆ ئەویش هەروەهای
بەم جۆرە من تۆم ناوێ ئەتۆ گەلێك بێ بەهای
خۆ ئێستا لەگەڵ ئەوی
لەباوەشی ئەخەوی

منت بۆ ئەو بەجێهێشت ئێستا ئەو بەجێ دێڵی
سەدان فێڵت لەمن کرد لەویش بەڤرت ڤێڵی

من هەرگیز وەکتۆ نابم کەس ناکەمە قوربانی
زۆر خەفەتم لێخواردی بائەوەش بچێتە بانی

ئەوە ڕەفتاری تۆیە هەموودەم ڕووئەگۆڕی
هەرکەسێ موخەنەت بێت هەر قەبر ئەبتە گۆڕی

منی لەبیر کردبوو تازە هاتۆتە بیری
بۆ ڕابردومان ئەگری ئەیەوێ بکەم ژیری
تازە قەت مەگەڕێوە ئەتۆ هەر لەلای ئەوبە
لای ئەو تۆ ژنە میری
بڕۆ نەفرەتت لێبێت قەت نامەوێ بمدوێنی ڕقم لەو ڕەفتارتە
ڕاستە گەر ووتویانە
خوی شیری هەتا پیری

---

Honraway **Amang Mawlood**
**(Kurdo Sweed)**


bakrajo.com